Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 10 Nîsan 2024

International Journal of Kurdiname
Issue: 10 April 2024

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname **E-ISSN**-2687-5438

# شێوازی دەنگی و کارلێکی کۆمەڵایەتی

## (Sound Style and Social Interaction)

## (Ses Stili ve Sosyal Etkileşim)

Mohsin MUSTAFA*
Bedrettin BASUĞUY**

**Article Type:** Research Article // Gotara Lêkolînî
**Received // Hatin:** 23.03.2024
**Accepted // Pejirandin:** 08.04.2024
**Published // Weşandin:** 28.04.2024
**Pages // Rûpel:** 141-155
**DOI:** 10.55106/kurdiname.1457812

This work is licensed under the Creative Commons Attribution-NonCommercial 4.0 International License (CC BY NC).
https://creativecommons.org/licenses/by-nc/4.0/

**Citation/Atif:** Mostafa, Mohsin û Basuguy, Bedrettin(2024). شێوازی دەنگی و کارلێکی کۆمەڵایەتی, *Kurdiname*, 10, r. 141-155

**Authors Contributions/Rêjeya Nivîskaran:** Data Collection: Author-1 (%85), Author-2 (%15), Data Analysis: Author-1 (%70), Author-2 (%30), Submission and Revision: Author-1 (%60), Author-2 (%40)

**Plagiarism/Întîhal:** This article has been reviewed by at least two referees and scanned via ithenticate plagiarism website // *Ev gotar herî kêm ji alîyê 2 hakeman va hatiye nirxandin û di malpera întîhalê ithenticate ra hatiye derbaskirin.*

**Kurte**

مرۆڤ بۆ گەیاندنی ویست و ئارەزوو و پێداویستییەکانی، کردەیەك ئەنجامدەدات کە کردەی گوتن و دەربڕینە Utterance act. لە ڕێگای ئەم دەربڕینەشەوە دەتوانێت جێگای خۆی لەناو کۆمەڵدا خۆشبکات و کارلێکی کۆمەڵایەتی بێنێتە ئاراوە، تاکەکانی کۆمەڵگا لەرێگای زمانەوە بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەستراونەتەوە و تۆڕێکی پەیوەندی کۆیاندەکاتەوە و زیاتر لەیەکیان نزیکدەکاتەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دووکەسەوە دەستپێدەکات تادەگاتە زۆرینەی تاکەکان و هەرچەندە تاکەکان زیادبن ئەوا پەیوەندییەکان تێکدەچڕژێن و ئاڵۆزدەبن . بەمەش کارلێکی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە کاریگەری رەفتاری دەکەنە سەریەك لە ڕووی بەها و بیروباوەڕ و بەمەش پەیوەندییەکە پەرەدەسێنێت بۆ هاوکاریکردنی یەکتر و یان ر کابەریکردن بۆ بەرژەوە ندی تایبەت و هەریەکە بۆ بەرژەوە ندی خۆی هەو ڵدەدات و خۆی دەگونجێنی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە تێی دەکەوێ لە پێناو پارا ستنی بەرژەوەندییەکانی هەموو ئەمانەش لە رێگای زمانەوە دەبێت، لە زمانیشدا کەر ستە ناکەرتییەکانی وەک : ئاوازە و هێز و وە ستان دەنگ سازی رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گواستنەوەی واتا و کارلێکی کۆمەڵایەتی .

**Peyvên Sereke**: گوتن ، دەنگسازی ، ئاوازە ، هێز ، وەستانی رستە.

**Abstract**

To convey desires and needs, a person does an act which is called utterance. Through this action, social interaction can be established in the society. Individuals are connected to a social system through language and a network of relationships brings them closer together. Social relationships initiate from two people then develops to a greater number of individuals, and the more individuals there are, the more complex the relationships would be. This creates social interaction that influences each one's behavior in terms of values and beliefs, and thus the relationship develops to cooperate with each other or compete for its interests. In language, non-sectoral tools such as melody, stress, and pause play a significant role in conveying meaning and social interaction.

**Özet**

* Xwendekarê Doktorayê, Zanîngeha Bîngolê, Beşa Ziman û Edebîyata Kurdî, mohsindoski1982@gmail.com, Orcid: 0000-0001-2345-6789. *(Phd Candidate, Bingöl University, Kurdish Language and Literature Department)*
**Doçent, Zanîngeha Bingolê, Beşa Tarîxa İslamê, bedricanan@hotmail.com Orcid: 0000-0001-7655-7559 *(Associate Professor, Bingöl University, Islamic History Department)*

İnsan arzu ve ihtiyaçlarını iletmek için ifade adı verilen bir eylem gerçekleştirir. Bu eylem sayesinde toplumda sosyal etkileşim kurulabilir. Bireyler dil aracılığıyla bir sosyal sisteme bağlanır ve bir ilişkiler ağı onları birbirine yakınlaştırır. Sosyal ilişkiler iki kişiyle başlar ve daha sonra daha fazla sayıda bireye doğru gelişir ve ne kadar çok birey varsa ilişkiler o kadar karmaşık olur. Bu, değerler ve inançlar açısından her birinin davranışını etkileyen sosyal etkileşimi yaratır ve böylece ilişki birbirleriyle işbirliği yapma veya çıkarları için rekabet etme yönünde gelişir. Dilde melodi, vurgu, duraklama gibi sektörel olmayan araçlar, anlamın aktarılmasında ve sosyal etkileşimde önemli rol oynar..

**Anahtar Kelimeler:** Ses, Vurgu, Tonlama, Sosyal Etkileşim.

## پێشەکی:

### آ- ناونیشانی باسەکە:

ناونیشانی باسەکە بریتیە لە ( شێوازی دەنگی و کارلێکی کۆمەڵایەتی) لێکۆڵینەوەیەکی شێوازی زمانییە .

### ب- ئامانج و گرنگی باسەکە :

ئامانج لەم باسە خستنەڕووی شێوازی زمانی ئاستی دەنگسازییە و هەروەها ڕۆڵی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەخاتەروو کە رستە ناکەرتییەکانی وەک ئاوازە و هێز و وەستان دەگرێتەوە .

### د- گریمانەی لێکۆڵینەوەکە، پرسیاری لێکۆڵینەوە :

لێکۆڵینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە ئاوازە و هێز و وەستان ئاستی دەنگسازی بە ڕێژەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتی ، لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەم مەبەستە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە :

-ئاستی دەنگسازی ڕۆڵی هەیە لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتیدا ؟

- ئاوازە ڕۆڵی چییە لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتیدا ؟

- وەستان ڕۆڵی چییە لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتیدا ؟

- هێز ڕۆڵی چییە لە لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتیدا ؟

### ه - ڕێبازی باسەکە:

باسەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی شیکاری لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدات .

### و- ناوەڕۆکی باسەکە:

ناوەڕۆکی باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ تەوەرە پێکهاتووە ، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە : ئاوازە ڕۆڵی لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتی ، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە : وەستان و ڕۆڵی لە کارلێک و

گەشـــەی کـــۆمەڵایەتی و تەوەرەی ســـێیەم تـــایبەتە بە : هێـــز رۆڵـــی و لە لە کارلێـــک و گەشـــەی کـــۆمەڵایەتی، لە کۆتایشـــدا ئەنجـــام و کـــورتەی باســـەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

تەوەرەی یەکەم : - ئاوازە و رۆڵی لە کارلێک و گەشەی کۆمەڵایەتی

**١-١- ئاوازە :**

بریتییە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی پلەی دەنگ لە ســـەرەتا یان پێش کۆتایی وشە (علی :94:2005) ئاوازە دوو جۆرە:

**١-١-١- ئاوازەی وشە: Tone**

کە بەرز و نزمی ئاوازەی دەنگەکان لە سنووری وشە دەگرێتەوە.

**١-١-٢-- ئاوازەی رستە: Intonation**

بریتییە لە بەرزی و نزمی دەنگ پەیوەســتە بە ژمارەیەك وشــە لە ســنووری ڕســتەدا (الخماش:31:1428) جیاوازی لە ئاوازەی ڕســتە دەبێتە جیاوازی واتا، بۆ نموونە ڕســـتەیەکی وەك: (دەڕوات) بەپێی گۆڕینی ئاوازەی دەنگمان هەر جارەی واتایەك بەدەستەوە دەدات، کە لەنووسیندا دەرناکەون وەك:

- دەڕوات ئایا ئەو دەڕوات؟ بەرزکردنەوە (هەڵس)
-دەڕوات من دەزانم کە دەڕوات. نزمکردنەوە (کەوت)
-دەڕوات بتەوێ یان نەتەوێ هەر دەڕوات. (ئاسۆیی)

ئەو وتەیەی کە ئاوازی لە بارو هەڵوەســتەی (junctures) گونجاوی دەدرێتێ. ئاوازەش بریتی یە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی دەنگ (پلەی دەنگ) لە سەرەتا یان پێش کۆتایی یان کۆتایی وتەدا (علی:94:2014) ئەوە پەیوەســـتە بە گۆڕینی پلەی ((نەغمە))ڕستەیەك یاخود وشەیەك بە بێ دەستکاریکردنی وشەو پڕگە و فۆنیم و مۆرفیمی ئەو رستەیە یاخود وشەیە (ناوخۆش:174:2005) .

ئاوازە لە رستەدا بە ئاوازەی (کەوت) دەست پێ دەکات لەسەر وشەی (هێز) دار بەرزدەبێتەوە و دواتریش نزم دەبیتەوە.وەك :

ئاوازەی بەرز لەگەڵ ڕستەی سەرسوڕمان و هەڵچوون بەکاردێت کاریگەری دەگەیەنی (الخولی: 170:1987 ) . وەك: خوایە ئەمە چی بوو !

گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕســـتە. هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشی، بۆ نموونە ڕستەی: ئـــازاد دوێنێ هات، دەیان مـانـای جیـا دەبەخشــــێ بەپێی ئـاوازەکەی ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکـان لەسەرتاپایی ئەمڕستەیەدا هەمان شت بوو، ڕستەکە مانای (خەبەری) سەرەوە دەگەیێنێ، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەســـەر وشـــەی ( ئازاد) زیاد کرا، ڕســـتەکە دەبێتە وەڵامی (کێ دوێنێ هات)؟، کەواتە و مەبەســـتێکی تری جیا لەوەی لەسەرەوە دەگەیەنێ : ئازاد دوێنی هات ، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لە سەر وشەی (دوێنی) دا زیادکرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی: (ئازاد کەی هات)؟، کەواتە مەبەســـتێکی ترە و جیاوازە لەواتای ســـەرەوە. ئەگەر خێرایی لەرینەوەی

ژێکان لەسەر وشەی (هات) زیادکرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (ئازاد دوێنی چیی کرد؟)، ئازاد دوێنی هات. ئەگەر خێرایی یەکی زیاتر لەوەی سەرەوە خرایە سەر وشەی (ئازاد) یا (دوێنی، یا (هات) ڕستەکە دەبێتە (پرسیار + جەخت کردنەوە) (تأکید) .

١- ئازاد دوێنێ هات؟ بەڵێ ئازاد دوێنی هات. لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (ئازاد)، واتا (ئازاد) هاتووە نەك کەسێکی تر.

٢- ئازاد دوێنێ هات؟ بەڵێ (دوێنێ)

لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (دوێنێ) هاتووە نەك رۆژێکی تر.

٣- ئازاد دوێنێ هات بەڵێ (هات)

لێرە مەبەستی دووپاتکردنەوەیە لەسەر (هاتنەکەی)

قسەکەری هەر زمانێک دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی لە سەرسوڕمان وتیژ و گاڵتە پێکردن و ڕەزای و ناڕەزای و ...هتد دەربڕێ و دەریبخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە، واتە هەر ڕستەیەك دەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێ بەپێی ئاوازەکەی. تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێ ئاشکرابێ (ئەمین:29:2004)

تاکەکان لە نێو خۆیاندا لە ڕوی دەربڕینی دەنگەوە جیاوازن، ئەمەش جیاوازی لایەنی بایۆلۆجی دەگرێتەوە، وەك (فراوانی ژووری لەرینەوەکان یان جیاوازی لە دەنگە ژێیەکان....هتد). (عبدالجليل:79:2006) دەنگەکان لە زماندا وەسفی باری کەسەکە دەکەن و هەربۆیەش بوونەتە نیشانە و بەڵگە بۆ دەرخستنی کەسایەتی و ناسنامەی ئاخێوەر، دەنگ هەڵگری سیمای تایبەتی واتایە و لێی جیانابێتەوە، (بالمر:113:1981) هەر گۆرانکاریەك لە بەرزی و نزمی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و دەسگرتن بەسەر چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ، هەموویان تایبەتی دەنگی پەرەزمانین para linguistics (فتاح:20:1990) و زۆر شتمان دەربارەی کەسەکە لە تەمەن و ڕەگەز و نەخۆشی و باری دەروونی بۆ ڕوندەکاتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێمە بێ بینین دەتوانین بڕیار لەسەر زۆر شت بدەین. (أ.كوندراتوف:200:1971) بە تایبەتی ئاوازەی دەربڕین کە هەڵچوونەکانی تیا ڕەنگدەداتەوە (اولمان:92:1975) بۆ نموونە لە ڕێگای دەنگەوە دەتوانین ژن و پیاو منداڵ و گەورە و نەخۆش و ساغ لە یەکتر جیابکەینەوە. جگە لەمەش، دەنگەکان بۆمان ڕووندەکاتەوە ئایا کەسەکە زمانی دەگیرێت یان نەخۆشی زمانی هەیە یان هەموو دەنگەکان بە شێوەی دروست دەردەبڕێت یان نا.

شێوەی دەربڕینی دەنگەکانیش زۆر شتمان بۆ ڕوندەکاتەوە کەسەکە لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی یان نەخۆشی دەروونی هەیە یان نا، بۆ نموونە کە سێکی نائاسوودە بە ئاوازەیەکی تایبەتی بۆچوونەکانی دەردەبڕێت کە جۆرە بەرزی و خێراییەکی پێوە دیارە، (ريمان:220:2009) کە نائاسودەییەکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە دەیەوێت زوو قسەکانی تەواو بکات، بەڵام بە خاو قسەکردن ئاماژەیە بۆ

غەمباری و بیرکردنەوە و سەرنجدان. بەهەمان شێوەش، بە توندی قسەکردن ئاماژەیە بۆ تورەیی و بەربەرەکانی و بەرەنگاربوونەوە، نەرمی قسەکردنیش ئاماژەیە بۆ ئارمی و لە سەرخۆیی و خۆشەویستی گەیاندن (ریمان:220:2009) . بە هەمان شێوەش، هێز خستنە سەر وشە لە کاتی دەرپڕیندا واتای گرنگی و جەخت کردنە سەر وشەکە دەدات، (الخولی1991::167) کەواتە دەنگ کاریگەرییەکی دەروونی گەورەی لەسەر خودی قسەکەر و کەسی بەرامبەر هەیە کە پلەی دەنگ و ئاوازە و هێز و وەستان و شێوەی دەرپڕین دەگرێتەوە. بەبەڵگەی ئەوەی زۆر جار دەبینین یەکێك قسەدەکات لە قسەکردنەکەدا ئاسودەین و گوێی لێدەگرین و لای کۆمەڵیش پەسندە و ناکەوێتە ژێر ڕەخنەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا کاتێ گوێمان لە هەندێ دەنگی ناساز دەبێ و زوو بێزاردەبین و ناتوانین زۆر گوێی لێبگرین، (جعفر:45:2006). گەر لە پەیوەندیکردندا بەردەوام بین دەکەوێتە بەر ڕەخنەی تاك و کۆمەڵیش و هەندێك جاریش دەکەوێتە بەر توانج و لاسایی کردنەوە. دەنگەکانی گڕ و زیق و بەرز و خاو هەموو ئەم دەنگانە پەسند نین لە کۆمەڵ و کاریگەری لەسەر کەسایەتییەکانیش دروست دەکات و لە نرخیان کەمدەکاتەوە، (کوندراتوف:200:1971) هەروەها دەنگی ئاخێوەر لە ئەنجامی شێوەی گۆکردن و درکاندنی دەنگەکان بۆمان دەردەخات ئاخێوەری زمانەکە زمانی دایکە یان زمانی دووەمە...هتد.

### ١-٢- ئاوازە و کارلێکی کۆمەڵایەتی :

گۆرانی ئاوازەی دەنگ بە پێی ڕێڕەوی قسەکردن کاریگەری خۆی هەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی ، ئاوازەی دەرپڕین لەسەرەتادا ئاساییە دواتر بە پێی ڕەوتی ئاخاوتن لە توندی بۆ خاوی دەگۆڕێت و لەکاتی خاویدا ئاساییە و لەکاتی توونديدا بەرزە، جگە لەمەش یەک ڕەوتی لە ئاوازەی قسەکردن بێزاری دورست دەکات و بۆیەش گۆڕینی ئاوازەی دەنگ جۆرە کارلێککردنێکی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە .

تەوەرەی دووەم : وەستان و ڕۆڵی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی :

### ٢-١- وەستان:

وەستان جۆرێکە لە بێدەنگی کە لە نێوان دەنگەکاندا ڕوودەدات، وەستان لە نێوان وشەیەك ووشەکی تریان دەنگێك و دەنگێکی تر دەبێنرێت، یان لەنێوان گرێیەك وگرێیەکی تر یان ڕستەیەك و ڕستەیەکی تر وەستان فۆنێمێکی ناکەرتییە وا تا دەگۆڕێت (الخولی:167:1991 ) وەستانیش لە کاتی ئاخاوتندا بۆ گوێگر دەردەخات، کەسی ئاخێوەر لەو شوێنەی لێی دەوەستێت شوێنی دوو دڵی و بیرکردنەوەیە. (الحمدانی:236:1982) وشە دەرپڕاوەکانیش جێگای گومانن، چونکە وەستان لە دەربریندا بە شێوەیەکی گشتی لە سێ شوێندا ئاساییە: سەرەتای گوتن و نێوان گرێیەکان و نێوان وشەکان، چونکە مرۆڤ زۆر جار توشی کێشە دەبێت لە هەڵبژاردنی وشە بەتایبەتیش دووای ناو و کار و...هتد. بۆیە بە تاقیکردنەوە سەلمێندراوە، وەستان لە نێوان گوتنێك و گوتنێکی تر 1,03چرکەیە و

له شـــوێنەکانی تریش0,75 خولەکە. ( عبده:44:1984) جا ئەگەر وەســـتانێك لەم کاتانەی زیاتر خایاند ئەوا جێگای تێبینی و گومانە .

وەســـتان فۆنێمێکی ناکەرتیە واتا دەگۆڕێت (الخولی:123:1987) بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك :

-ئەو کچە بە نازە. دوو واتای هەیە:

- کچەکە ناز دەکات.

- کچەکە ناوی بەنازە (موسا:111:2007) .

لەسەر وەستانی بریتی یە لە داکۆکی کردن یان توندکردن لەسەر وشەیەك لەوشـــەکانی رســـتە یان بڕگەیەك لە بڕگەکانی گوتن کە بەرچاو تری دەکات لە زنجیرەی گوتندا ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ وشـــەکانی تری ناو رســـتەکە یان برگەکانی تری گوتن، ئێمە باسی لە برگەیەك یان وشەیەکی راوەستاو یان جێگر (accented)دەکەین یان باســـی لەجۆری لەســـەر وەســـتانی رســـتە accentual (pattern دەکەین لە سەر وەستانیش بەرز و بڵندی دەنگ (Loudness)ناگرێتەوە بەڵکو پلەی دەنگەکە (pitch) و ماوەکە (duration) دەگەرێتەوە ســـیســـتەمی لە ســـەر وەســـتانیش لە زمانێك لە زمانەکان بە ســـیســـتەمی لە ســـەر وەســـتان (Accentual system)دەناسرێت و بەشێکە لە لێکۆلینەوەکانی دەنگسازی تایبەتی زمان (phonology) (سەعید: 105:2005) ، وەستان یەکێکە لە سیما ناکەرتیەکان و لە پۆلێنکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی بنەرەتی لە نێوان دەنگەکان بە کاردێ، کە ئاماژەیە بۆ هەر دەنگێگ کە تیایدا تاکە ژێیەکان تەواو دەبن . (Crystal:2003:433)

لە کاتێکدا کە پێکهاتەیێك لە رووی رۆنان و واتا تەواوبوو، وەستان دروست دەبێ ، واتە هەر کاتێ رێکخســـتنی رێز مانی زنجیرە دەنگەکان بێخەوش بوو و پەیام و مەبەستەکەی گەیاند، وەستان دێتە ئاراوە (موسا :25:2007) .

**٢-٢- جۆرەکانی وەستان :**

وەستان پێنج جۆرە:

**٢-٢-١- وەستانی هەڵس :**

ئەو وەســـتانەیە کە دەکەوێتە کۆتایی رســـتە و دەنگ و ئاوازە بەرزدەبێتەوە. ئاماژەی بۆ دەکرێت کە بە وەستانی دەرەکی کۆتایی ناسراوە هەروەك لە رستەی پرســـدا بەرچاو دەکەوێت کە بە وەڵامی بەڵی و نەخێر دەدرێتەوە وەک : - ئایا مامۆستا دێت؟

**٢-٢-٢- وەستانی کەوت :**

ئەو وەستانەش لە کۆتایی گوتن دێت و ئاوازەکە دەکەوێت ئەمیش بەشێکە لە وەســـتانی دەرەکی کۆتایی وەك لە رســـتەی هەواڵدان و ئەم رســـتانەی کە بە بەڵی و نەخێر وەڵام نادرێتەوە وەك :

-مامۆستا هات .

-مامۆستا لەکوێ یە؟

**٢-٢-٣- وەستانی کاتی← :**

ئەو وەستانەیە کە لە ناوەڕاستی گوتن دێت و گۆڕان لە ئاواز ڕوونادات ئەمەش وەستانێکی دەرەکییە. وەك : ئازاد ـــ هات

**٢-٢-٤- وەستانی پۆزەتیف+ :**

ئەو وەســـتانە دەکەوێتە نێوان دوو پارچەی وشـــە بۆ جیاکردنەوەی واتاکە وەســـتانێکی ناوەکییە کە هەندێك بە وەســـتانی کراوە ناوی دەبەن وەك : خوشـــکەکەتان. کە دوو واتا دەدات ئەگەر بەســـەریەکەوە بگوترێت ئەوا بە واتای خوشکەکەی ئێوە دێت و ئەگەر وەستانەکە لە نێوان (خوشکە) (کەتان) یش بێت ئەوا (کەتان) دەبێتە ناوی ئافرەتێك.

**٢-٢-٥- وەستانی نێگەتێف - :**

ئەم وەســـتانە دەکەوێتە نێوان دەنگێك و دەنگێکی تر، کە بەدوای دێت لە وشـــەدا، کە بە وەســـتانی داخراو ناو دەبرێت و زۆر هەســـتی پێ ناکرێت (الخولی:123:1987) وەك: ر- ۆ- ژ – گ – ا – ر.

**٢-٣- وەستان و ڕۆڵی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی :**

(وەستان) لە نێوان قسەکان، بەڕێژەیەکی بەرز وەستانێکی ئاساییە بەڵام گرنگی خۆی هەیە لە ئاخاوتن و دربڕیین جونکە ڕێزدەگەیەنێت و نۆرەی ئاخاوتن دەگۆڕیتەوە جگە لەمەش تیگەیشـــتن زیاتردەکات و تووندوتیژی زمانی ناهیلیت هەر بۆیەش کارلێکی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکات، چونکە ڕێز لە بەرامبەر دەگرن و لە نۆرەی خۆیان قسەدەکەن و زیادەڕەوی ناکەن .

تەوەرەی سێیەم : هێز و ڕۆڵی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی :

**٣-١- هێز Stress :**

هیز ئەو وزە زیادەیە کە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە (وەیس :1984: 84) هێز بەشێکە لە پێناسەی بڕگە و لەکاتی گۆکردندا بڕگە پێویستی بە هێزێکی زیاترە و کاتێك دەچێتە ســـەر هەر ڤاوڵێك و گۆڕانکاری بەســـەر دەنگەکەدا دێنێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا وەك:

-برایەتی (برایەتی) ناوی واتایی هێز لە سەر دوا بڕگەیە.

-برایەتی (برا یەتی) ئەو برای ئەوە هێز لەســـەر برگەی یەکەم (موســـا:114:2007). هەندێ جاریش کارناکاتە ســـەر گۆڕانی واتا هەروەك لە وشـــەی (گەردەن، پەردە...هتد)، کەواتە هێز دوو ئەرك دەبینێت گۆڕینی دەنگ و گۆڕینی واتا (عەلی:11:1989). بەم پێیە ئەگەر گۆڕینی هێز لە ووشـــەی زمانێك ببێتە هۆی گۆڕینی واتا، ئەوە هێز لەم زمانەدا فۆنیمە (الخولی:1987: 161-162) .

**٣-٢- پلەکانی هێز:**

ئەمریکییەکان چوار پلە بۆ هێز دادەنێن کە بریتین لە:

**٣-٢-١- هێزی سەرەکی Primary Stress :**

فۆنێمێکی ناکەرتییە بە توندترین هێز دادەنرێت، گرنگترین وشـە لە ڕسـتەدا ئەم هێزە وەردەگرێت، یان ئەو وشـەیەی کە دەکەوێتە کۆتایی ڕسـتەوە، هەروەها

توندترین هێز وشـــەیەك وەری دەگرێت، ئەگەر بێت و بەتەنیا گۆبکرێت، ئەمەش بە فۆنێمێکی ناکەرتی دادەنرێت .

**٣-٢-٢- هێزی لاوەکی: Secondary Stress**

فۆنێمێکی ناســـەرەکییە هێماکەی بەم جۆرەیە لە ڕووی هێزەوە پاش هێزی سەرەکی دێت.

**٣-٢-٣- هێزی سێیەم:**

ئەو هێزەیە کە لاوازترە لە هێزی دووەم و بە هێزترە لە هێزی لاواز .

**٣-٢-٤- هێزی لاوازWeak Stress :**

فۆنێمێکی ناکەرتیە هێماکەی بەم جۆرەیە، ئەمەش بە لاوازترین پلە کانی هێز دادەنرێت، ئەم جۆرە هێزەش بە زۆری دەکەوێتە سەر وشە ئەرکییەکانی زمان وەك ئامرازەکانی بەستنەوە و پریپۆزیشن (علی:177:2005) .

هەندێ قوتابخانەی زمانەوانی وەك قوتابخانەی ئینگلیزی پڕگە دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر: (هێزدار و بێ هێز)، کە باوەری بە پلەکانی هێز نییە هەروەك پێشـــتر باســـکرا (شـــەریف :122:2005) ئەگەر بەڕێژەیی بدوێین، ئێمە ناتوانین گریمانەی بوونی هێزی لاواز لە زمانی کوردیدا بکەین، چونکە برگەی بێ هێز لە کوردیدا هەمیشـە پڕێك هێزی دەکەوێتەوە سـەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بزوێنی کورتکراوە و لێکجیاکردنەوەی بە توندی ماوەی خایاندنی دەنگ دانان و کاریگەری هێزی لاواز لە نێوان ئینگلیزی و کوردی ناکرێ یەکسان بکرێن.

بۆ ئەوەی ئاســتەکانی هێز لە زمانی کوردیدا ڕوون بکەینەوە، با تەماشـــەی دەســـتەواژەی (مامۆســـتاکان) بکەین، کە لە چوار برگە پێکهاتووە جیاوازی نێوان دەرکەوتنە هەر چوار پڕگەی ئاستەکە بە ئاسانی دیارە دوا پڕگە ( - کان ) لە هەر چواریان توندترە بۆ نیشـــانە کردنی هێزی ئەو پڕگەیە، ئێمە هێمای ســـەرەکی لە سـەر دادەنێن و تەقەڵەکی - تیۆریی لە سـەر دادەنێین : (مامۆسـتاکان) لاوازترین پڕگەکان یەکەمیان ( ما) دووەمیان (مۆس) کە هێمای ( ً ) ی لە دانراوە بۆ هێزی سێ یەم ( ئەو پڕگانە ناکرێ لاواز یان بێ هێز بن، چونکە بزوێنەکانی جۆری خۆیان پاراســتووە هەرچەندە هێزی ســەرەکییان (وەرنەگرتووە ) برگەی ( تا) کە ماوەتەوە لە (ما) و (مۆس) بەرزترە، بەڵام لە (ەکان) نزمترە، بۆیە دەتوانین هێزێکی گران پێ بدەیت کە ناوەنجی یە بۆ برگەی (تا) (فتاح:6:1١٩٩٠) .

**٣-٣- جۆرەکانی هێز :**

**٣-٣-١- هێزی وشە :**

بریتی یە لەو وزە زیادەیەی کە دەکەوێتە سـەر یەکێك لە برگەکانی وشـە بە تەنیاو لە دەرەوەی ڕســـتەدا دەدرکێت، ئەمەش جیاوازی لەگەڵ رســـتەدا هەیە یەکێك لە وشەکانی ڕستە هێزەکە وەردەگرێت (علی :233:2005) بەر لە هەموو شـــتێك دەســـت نیشـــانکردنی ســـنوور یان چوارچێوەی وشـــە لە زمانی کوردیدا، کارێکی ئاســان نییە، چونکە لە کوردیدا زۆرجار رســتەکان قاڵبی وشــە وەردەگرن و دەتوانرێ ڕ ستەیەکی وەك: من لە ئایندەدا جارێکی تر ئێوە دەبینم. لە و شەیەکی

وەك: ( دەتـانبینمەوە) خۆی بنوێنیَ، هەر چەنـدە لە دیـالێكتی ژووروودا ئەم سـیسـتەمە گۆڕانی بە سـەردادێ و ڕاناوە لكاوەكانی خاوەنی دەبن بە ڕاناوی سـەربەخۆ، بەتایبەتی لە كاری تیپەڕدا لە دیالێكتی ناوەڕاسـت جیادەبێتەوە، جگە لەمەش تێكەڵكردنی وشـە و ئامراز گرفتێكی ترە بۆ دەسـتنیشـانكردنی هێز دروست دەكا (ئەمین:6:1986) .

بەپێ ژمارەی برگەكان دەتوانرێ وشەی زمانی كوردی دابەش بكەین بۆ:

١- هێز لە وشەی سادە دا :

لە زمانی كوریدا وشەی سادە بە زۆری ئەو وشەیەك مۆرفیمانە دەگرێتەوە، كە سـەر بە گرێی ناوین یا دەتوانین ئەركی ناو ببین، وەك ( ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو ....هتد. واتە هەرگیز كار لە زمانی كوردیدا وشـەی سـادەی یەك مۆرفیمیدا نییە (فتاح::١٩٩٠:44) هێز لە وشـەی سـادەدا یەك برگەیی بێ یان پتر، لە سـەر دووا پرگە دەبێـت، واتە لەسـەر بزوێنی برگەكەیە و ئەگەر بزوێنەكە بە ئـاشـكرا دەرنەكەوتبێ ، لە سەر بزرۆكەی نێوان دوو فۆنێمە نەبزوینەكەیە وەك :

ناسك / na / sik / دانا / da / na / با / ba /

/ cv / civ / / cv / cv / / cv /

لە وشـەی سـادەی دوو برگەیی ئەگەر برگەی یەكەمیان بزوێنندار و ( پرگەی فۆنۆلۆجی ) بێ و برگەی دووەمیـان بزۆكەدار ( پرگەی فۆنەتیكی) بێ، ئەوا هێز دەكەوێتە سەر پرگەی یەكەم وەك:

/ ce / jin جەژن

/ cv /cvc/

لە وشە سادە سێ پرگەییەكانیش هێزی سەرەكی دەكەوێتە سەر بزوێنی پرگەی كۆتایی وەك :

/ zê/ re / van / زێرەڤان

/ cv / cv / cvc/

بە هەمان شـێوە لە ووشـە سـادەی چوار برگەییەكانیش هێزی سـەرەكی دەكەوێتە سەر بزوێنی برگەی كۆتایی وەك : سوارەتوكە (موسا:47:2007) .

/ swa / re / tu/ ke /

/ ccv / cv/cv/ cv /

بەهۆی پۆلێنكردنی وشـە راسـتەوخۆ رشـتەی هێز (Accentual System) لە زمانی كوردیدا شـەق دەكات، دەتوانین رێسـایەكی بنچینەیی بۆ دانانی هێز لەسـەر وشـە دابنێن كە هێز دەكەوتە سـەر دوا برگەی وشـە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ژمارەی ئەو برگانەی كە وشە هەیەتی.

**٢-٣-٢- هێزی ڕستە:**

هێزی تێكەڵ بە پلەی دەنـگ و نێوان كۆمەڵەی ڕەزم (Rhythmic groups) دەبێت، هێز لە ڕسـتەی سـادەی یەك وشـەییدا دەكەوێتە سـەر یەكەم مۆرفیمی بنەڕەتی پێكهـاتەكە، كە بەزۆری یەكەم مۆرفیمی بنەڕەتی ڕەگی كـارەكە

دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مۆرفیمە گیرەکانەی (پێشگر یان پاشگر) کە هێز ڕاکێشن . هێز لە رستەدا چەند جۆرێکە :

١- هێزی ئاسایی ڕستە:

لە گۆشە نیگای جێگای جۆرەکانەوە، هێز بە تەواوەتی تایبەتکراوە بە سێ جۆرە وشەوە، کە ئەوانیش ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکارن ئەوانەی خوارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکن :

- کوڕەکە هات .
- شارێکی جوانە.
- شارەکە لەکوێ یە؟
- دوێنێ دوو جار هات.
- دەرسەکەم ئامادە کرد
- زۆر باشە (فتاح:1990: 15 – 16) .

ئەو هێزەیە دەخرێتە سەر وشەکانی ڕستە. لێرەدا هێزی داپراوی وشە نامێنێ ، بەڵکو هێزی سەرەکی وشەیەك لە وشەکانی ڕستە وەری دەگرێت، بەوەی کە ڕستە دانەیەکی ئاخاوتنەو بەوەستان دەستی پێ دەکات و بە وەستانیش کۆتایی دێت، ئاسایی هێزەکەش دەکەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە، یان ئەو وشەیەی کە گرنگی پێ دەدرێت .

٢- هێزی جیاکەرەوەی ڕستە :

لەم جۆرەدا هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر وشەیەك لە وشەکانی ڕستە بە مەبەستی دووپاتکردنەوە یان (جەختکردن) وشەکە و نەفیکردنی دژەکانی ڕەنگە هەبێت (الخولی: 1987:167) وەك : پشلیەکە گۆشتەکەی خوارد، ئەگەر قسەکەر هێزی سەرەکی بخاتە سەر وشەی (پشیلەکە) ئەوا مەبەستی ئەوەیە کە تەنیا (پشیلەکە) نەك کەسێکی تر کارەکەی ئەنجام داوە (فتاح: 1990:195 ) ، ئەمەش کاتێ بە کاردێت بۆ لێکجیاکردنەوەی واتەیەك کە پێش بکرێت و لەگەڵ واتایەکی تردا بەراورد بکرێت کە دابراوە، یان بە شاراوەیی وتراوە. لەم حالەتەدا هێزەکە لەگەڵ پلەی ئاوازەی بەرزدا پێکەوە کار لە یەکتر دەکەن :

- ئەو پیاوە لەگەنجیدا بەهێزبوو.
- جاران ئێمە بۆ سەیران دەچووین .
- پێشان مامۆستا یارمەتی دەدام.

لەو ڕستانەی پێشوودا کە هێزی سەرەکی سەر وشەکانی (لەگەنجیدا، جاران، پێشان) دیارە کەڕوودانی کارەکان لە ڕابردوودا ئەنجام دراوە و دوپاتکردنەوە لەسەر کاتی ڕوودانی کارەکان دەکەن، بەڵام بۆ کاتی ئێستا مەبەستەکە پێچەوانە دەبێت و ڕوودانی کاری ڕستەکان نەفی دەکات بەم شێوەیە :

- لەگەنجیدا بەهێز بوو واتە ئێستا بێ هێزبووە .
- جاران بۆ سەیران دەچووین واتە ئیستا ناچین .
- پێشان یارمەتی دەدام واتە ئیستا یارمەتیم نادات .

یان لە ڕستەی نەرێدا گۆڕانی هێز لەو شەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەستی ڕستەکە وەك:

-بەپێ ناچین بۆ زانکۆ .

١- ئەگەر هێزەکە بخرێتە سەر ( ناچین ) ، مانای ئەوەیە هەر ناچین .

٢- ئەگەر هێزەکە بخرێتە سەر ( بەپێ )، واتە بەپێ ناچین، بەڵکو بە هۆی شتی تروە دەچین وەك: پاسکیل، ئۆتومبێل ... هتد (علی:44:1998) . هێزی بە مەبەست ئەو هێزە سەرەکییەیە کە دەخرێتە سەر وشەیەک بۆ مەبەستێک (زەکەریا:25:2011) هێزی بەمەبەست بەپێی مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ دەبێتە باس و خواس بۆ ڕستە واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی واتا، ئەویش واتای بابەتییە ( پیرجیرۆ: 1957: 33).

وەك : ئاڵا کتێبەکەی دڕاند.

ئەگەر هێز لەسەر وشەی (ئاڵا) بێت، ئەوا لە بۆچونی (نێرەر)ەوە( کەس)ەکە گرنگە و بایەخ بەوە دەدات، بەڵام ئەگەر لەسەر وشەی (کتێب) بێت ئەوا (کتێب)ەکەی لەلا گرنگە و ئەگەر لەسەر وشەی (دڕاند) بێت، ئەوا (کار)ەکەی لەلا گرنگە (دزەیی:77:2009) . جۆرێکی تر لە هێزی بە مەبەست هەیە کە بۆ لاسایی کردنەوەی کەس بەمەبەستی گاڵتەکردن بەکاردێت، وەك: ئەمڕۆ نەت خوێندییە .

گەلێك جار وا رێ دەکەوێ کە هێزی ڕستە، یەك ڕستە بە چەند مانایەکی جیاواز دەردەبڕێ لەگەڵ ئەمەشدا، کە بەگوێرەی دەنگەکان و هێزی وشە وەك یەکن و جیاوازییان لەنێواندا نییە. بەوێنە لە ڕستەی پرسی- (مامم هات؟) ئەگەر هێزە ڕستە بە وشەی (مام)ەوە بێت، ئەوە پرسیاری کەسێك نیشان دەدا. بەڵام ئەگەر هێزی ڕستە لەسەر وشەی (هات) دابنرێ، ئەو کاتە هەواڵی ڕوداوێك یاخود کارێك دەپرسێ (مارف:215:1976 ). هێزی سەر وشە، یاخود هی سەر ڕستە، هەر وەکو لە گۆکردندا بە جوانی دەردەکەوێ، لە نووسین دەرناکەوێ، مەگەر یەکێ بتوانێ دەریبخات، کە زۆر شارەزایی هەبێ لە زمانناسیدا (هەورامی:91:1974) .

٣- هێزی هەڵچوون :

بریتییە لەو هێزەی کە دەخرێتە سەر بەشێکی وشە لە رستەدا ،کە هەڵچوونی قسەکەری بەدواوە دێت، کە لە گوتارەکانی ئاینی و سیاسی و شیعری زۆر بەکاردێت کە پەیەست و تایبەتە بە سروشتی کەسی قسەکەر وەک : ئەو قسەکردنە هەر تەواو نەبوو:::: .

## ٣-٤- هێز و ڕۆڵی لە گەشەی کۆمەڵایەتی :

هێز خستنەسەری وشە لە رستەدا بە مەبەستی (جەختکردن) بەکاردینن، ئاشکرایە هێز خستنەسەری وشە لە رستەدا بۆ چەند مەبەستێک بەکاردیت وەک : جەختکردن و دیاریکردنی مەبەست و سەرنجراکیشان، بەکارهێنانی هیز بۆ سەر وشەی دیاریکراو و مەبەستدا جەختکردن دەگەیەنێت ئابووریشە لە زمان

مەبەست رووندەکاتەوە بۆیە رۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر کارلیکی کۆمەڵایەتی .

ئەنجام :

١- شێوازی قسەکردن چ بە زمانی قسەکردن بێت وەیا زمانی جەستەبێت، رۆڵی کاریگەر یان هەیە بۆ گەشـــەی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان جا چ قسەکەر بێت یان وەرگر .

٢- کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ئاوازەی دەنگ هەڵنەچوون و خۆکۆنترۆڵکردن و ئاساییبوونە لەکاتی قسەکردندا.

٣- گۆرینی ئـاوازەی دەنـگ بەپێی رێرەوی ئـاخـاوتن، گرنگە بۆ کـارلێکی کۆمەڵایەتی چونکە یەک ریتمی بێزاری دورست دەکات .

٤- لەکاتی قســـەکردن جەختکردن هێز دەخرێتە ســـەر وشـــە و بڕگەکان بۆ دیاریکردنی مەبەست و گرنگی.

٥- وەســـتان لە قسەکردن لە نێوان قســـەکان رەفتارێکی ریزدارە و کارلێکی کۆمەڵایەتی دروســـــت دەکات هەروەها دەبێتە هۆکارێکیش بۆ پێدانی نۆرەی ئاخاوتن.

**سەرچاوەکان :**

أ-بەکوردی :

ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٦) چەند کێشـــەیەکی زمانناســـی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی ١٥، بەغدا .

رەهێل زەکەریا ئەســـعەد (٢٠١١) هێزی بە مەبەســـت لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری گەزەنگ،یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوک، ژ:٩٢ .

ســـەلام ناوخۆش (2005) لێلی لەزمانی کوردیدا، هەولێر، گۆڤاری ژمارە(1) تایبەتە بەتوێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانســـتی زمان کە لە 15-2005/5/17 بەسترا .

طالب حسین علی (٢٠١٤) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

عبـدالواحـد مشـــیر محمود دزەیی (2009) کـاریگەری دەروونی لە بواری راگەیاندندا، چ/1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

عەبدولوەهاب خالید موســا (2007) هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، هەولییر.

غازی فاتح وەیس (١٩٨٤) فۆنەتیک، چاپخانەی ،الادیب البغدادی، بغداد .

فتاح مامە علی (1986)، هاودەگ لەزمانی کوردی.نامەی ماســـتەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین .

محمد معروف فەتاح (1990) زمانەوانی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

محەمەد ئەمین هەورامـانی (1973) ،فیلۆلۆژی زمـانی کوردی ،چـاپخـانەی مەعاریف، بەغداد.

وریا عمر امین (2004) چەند ئاســـۆیەکیتری زمانەوانی،ب/1 دەزگای ئاراس، هەولێر .

یوســـف شـــەریف ســـەعید (2005) زمانەوانی کارەکی وفەرهەنگســـازی، گۆڤاری ژمارە (1) تایبەتە بە توێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانســـتی زمان کە لە15-2005/5/17، هەولێر .

ب- بە عەرەبی :

أ.کوندراتوف (1969) اصوات و اشارات (Sounds and Signs) نقله الى الانكليزية، ادووار يوحنا،1971، المؤسسة العامة للصحافة والطباعة، بغداد .

أف،ار بالمر، (1981)، علم الدلاله، ترجمه، مجيد عبد الحليم الماشطه، مطبعه العمال المركزيه، بغداد

بيرجيرو, (1957) الأسلوب والأسلوبية, ترجمة, منذر عياشي, مركز الأنماء القومي, بيروت.

تونيا ريمان (٢٠٠٩) قوه لغه الجسد، دار العربيه للعلوم الناشرين،'/١، الاردن .

داود عبدة (1984) دراسات فى علم اللغة النفسى،مطبوعات جامعة الكويت، الكويت.

ســـالم ســـليمان الخماش (1428) المعجم و علم الدلالة، جامعة ملك عبدالعزيز بجدة، كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم اللغة العربية، الجدة.

ستيفن اولمان(1972), دور الكلمه فى اللغه,ت/د.كمال محمد البشر,ط/3,منشورات مكتبه الشباب.

عبد القادر عبد الجليل (1422هـ)، الأسلوبيه و ثلاثيه الدوائر البلاغيه، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الاردن .

غسان جعفر (2006) علم الفراسة،رشاد برس للطباعة والنشروالتوزيع ،بيروت، لبنان.

محمد علي الخلولي (1987)، الآصوات اللغوية . دار العلم بيروت، لبنان .

محمد علي الخولي (1991) معجم علم اللغة النظري, (انكليزي-عربي), بيروت, لبنان.

موفق الحمدانى (1982) اللغة وعلم النفس، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل .

**References**

Abdo, Daoud, (1984). Lêkolînên Psycholinguistics. Weşanên Zanîngeha Kuweytê: Kuweyt.

Abduljalîl Abdulqadir, (1422). Şewazgeri u Sê Bazinên Rewanbêjî. Dar Al-Safa: Urdun.

Ali Talib, Husain, (2014). Çend Aliyên Têkiliya Hevok û Wateyê di Kurdî de. Çapxaneya Hacî Haşim: Hewlêr.

Bergero, (1957). Şêwaz û Şêwazgerî, Werger: Munther Ayashi. Navenda Pêşkeftina Neteweyî: Beyrût.

Crystal, David (2003). Ferhenga Dengnasiya Zimannasiyê. Blackwell Publishing: USA.

Al-Hamdanî, Muwaffaq (1982). Ziman û Derûnnasî. Rêveberiya Dar El-Kutub: Zanîngeha Mûsilê.

Elî, Fetah Mama (1986). Hawdeg di zimanê Kurdî de. Teza Masterê, Koleja Hunerî, Zanîngeha Selahedînê.

El-Xelûlî, Mihemed Elî (1987). Dengên Zimanî. Dar Al-Ilm: Beyrut, Libnan.

el-Xemeş, Salem Silêman (1428). Ferheng û Semantîk. Zankoya Qral Ebdulezîz li Ciddeyê: Cîdde.

El-Xûlî, Mihemed Elî (1991). Ferhenga Zimannasiya Teorîk. (Îngilîzî-Erebî), Beyrût, Lubnan.

Emin, Wrya Omer (2004). Çend Asoyên Zimanî yên Din. Weşanxaneya Aras: Hewlêr.

Esad, Rahêl Zakariya (2011). Hêza bi Mebest di Zimanê Kurdî de. Kovara Gezing, Yekîtiya Nivîskarên Kurd-Şaxê Kerkûkê, hejmar 92.

Fetah, Mohammed Marouf (1990) Zimannasî, Zanîngeha Selahedîn, Hewlêr.

Hacî Marf, Awrahmanî (1986). Çend Kêşeyekî Zimannasî", Kovara Korî Zanyarî Kurd, Desteya Kurdî, cild 15, Bexda.

Hewramanî, Mihemed Emîn (1973). Fîlolojiya Zimanê Kurdî. Çapxaneya Zanîn: Bexda.

Jaafar, Ghassan (2006). Physiognomy. Beyrut: Libnan.

Kondratov, A. (1969). Deng û Muzîk, Werger: Edward Youhanna, Saziya Giştî ya rojnamevanî û Çapê: Bexda.

Muşier, Abdulwahid-Dzeyi, Mahmoud (2009). Bandora Psîkolojîk Di Medyayê de. Weşanxaneya Aras: Hewlêr.

Nawkhosh, Selam (2005). Lelî di Zimanê Kurdî de. Hewlêr.

Palmer, F.R. (1981). Zanistê Delaletê, Wergêr: Majid Abdul Halim Al-Mashatta, Çapemeniya Kirêkaran ya Navendî: Bexda.

Reiman, Tonya (2009). Hêza Zimanê Laş, Weşanên Zanistî yên Dar Al-Arabiya: Urdun.

Sharif, Seid Yousef (2005) Zimannasî û Ferhenga Praktîk. Hewlêr.

Ullman, Stephen (1972). Rola Peyvê di Ziman de. Wereger: Dr.Kemal Mohemed, Çapa Belavokên Pertokxana el-şebab.

Wais, Gazî Fatih (1984). Fonetîk. Çapxaneya El-Adib el-Bexdadî: Bexda.

Xalid Mûsa, Ebdulwehhab (2007). Hêz û Mûzîk bi Diyalêkta Kurdiya Seri de. Hewlêr.